www.kurdistannet.org
24-11-2006 12:15بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# سی کورتە چیرۆک: مامەند محەمەد قادر

## 1. خۆڵەمێشی گۆرانییەکان

لە بۆشاییە بچووکەکەی ناو قەفەس هەڵدەبەزی و دادەبەزی تا لە ئەنجام لەسەر تەلێکی ئاسنەوە هەڵدەنیشی. نیگاکانی بۆ چەند ساتی بە سووچێکی ناو قەفەسەکەوە دەلکێن، دەشی بیر لە شتێکی وا بکاتەوە کە مرۆڤ بە خەیاڵیدا نەیەت. هەرکە چاویش چرکەیەك لێی بێئاگا بوو لە شوێنێکی تر دەیبینیت. ئەمجارەشیان زۆر ناخایەنی و سەرلە نوی هەردوو باڵە بچکۆلانەکەی بێهوودە دەشنێنەوە و خول دەخوات و لەسەر زەمینەی قەفەسە ئاسنەکە دەنیشێتەوە. بی ئارەزوو دەنووك لە پارچە خورماکە دەدات، بۆ ماوەیەك لە دەنووك لێدان دەوەستی و جارێکی تر دەست بە دەنووك لێدانی دەکاتەوە بەبی ئەوەی لێی کەم بکات. کە جریوەی باڵندەیەکی ئازادیش لە گوییدا دەگیرسێتەوە لە فەزای بەر تەنگی نێوان تەلەکان پەروازە دەبیو بە نارێکی هەڵدەبەزی و دادەبەزی، جارجاریش بەریان دەکەوی و دەست بە هەوڵە نائومێدەکانی خۆی دەکاتەوە تاکو دواجار خۆی دەداتە دەست چارەنووسی کێشراوی. لە شوێنەکەی خۆم هەڵدەستم کە هێشتاش هەر چاوەکانم چاودێری جووڵە بزێوەکانی دەکەن. دەستی راستەم لە کونێکی بچووکەوە دەبەمە ناو قەفەسەکە، سەیری ئاوی ناو دەفرە بچووکەکەی دەکەم کە بە تۆز و پووش و پیسایی پیس بووە. پارچە خورماکە لە قەفەس دەهێنمە دەر، تێبینی دەکەم ترشاوە. زۆر بە ووردی کونەکە دائەخەمەوە. تۆ بڵێی ئائەم باڵندە بەستەزمانە چی پی بکرێت گەر بێت و ئاوو خۆراکی هەر پی نەدەم! لە دەستم دی تینووم بکەم، یا لە برسانا بیکوژم، هەرچیەکم بوی بیکەم گەر منی سەروەر بەزەییم پیا نێتەوە. کاتێکی زۆر نیگاکانم هەر چاودێری هەڵبەزینە بی ئەنجامەکانی دەکەن. سەرما دەخزێتە ناو جەستەم. باڵندەکەش خەو دەیباتەوە و نائومێد لەسەر تەلێك هەڵدەکورمی. چمکی لێفەکە ئەکێشم بەسەر لەشما و هێشتاش هەر لێوەی دەروانم. لە دڵی خۆمەوە دەڵێم: ئای کە حاڵی ئەم باڵندە بەستەزمانە چەند لە حاڵی مرۆڤ دەچێت.

## 2. لەبەر گرتنەوە

لە فەرمانگە بەرەو ماڵ دەگەڕێمەوە، کە هێشتا سەرم بە بارگەی رۆژی رابردووی دەوام قورسە. بە ناو لەپم لە دەرگا ئاسنینەکە دەدەم، پاش ماوەیەك چاوەڕوانی لەژێر چزەی گەرمای هاوین کوڕە گەورەکەم بە ساردی دەرگاکەم بۆ دەکاتەوە. بە کری روو لە ژووره لاچەپەکە دەکەم، جلەکانم فری دەدەمە سەر کورسییەکی کۆن کە لە ناوەڕاستی ژوورە. بە پی خاوسی دەخزێمە ژووری پێشوازی کە گەرما خنکاندوویەتی، تا پشت پشت بدەمە دیوارە گرگرتووەکە. قیژە و هاواری مندالان هەوای ژوورەکە کەڕ دەکەن. لەناو رق و تووڕەییما دەتلێمەوە کەچی دان بە خۆمدا دەگرم. بەر لەوەی کە سنوورێکیش بۆ ئەم هەرا و گەرەلاوژەیە دابنێم، کوڕە بچووکەکەم بەغار بەرەو رووم دێت تا ملم بقرچێنێتەوە. بەزۆر دەمخاتە سەر زەوی و بی بەزەیی لەسەر سکما هەڵدەپەڕی. هاوار دەکەم و بە روویدا هەڵدەشاخێم، کەچی گوی بە هاوارم نادا و ئەمجارەیان لەسەر پشتم هەڵدەبەزی و دادەبەزی. دەمەوی دەستەکانی بگرم، کەچی لەژێر دەستەکانما دەخزی و ئەمجارەیان بە مشتەکۆڵەی منداڵی هێرش دەکا. بێزار دەبم، بە رووگرژی و تووڕەییەوە لە خۆمی دوور دەخەمەوە، بەڵام هێشتا واز لە جووڵە بزێوەکانی ناهێنی. شەقێك ئاراستەی روومەتی دەکەم. بە دڵگیری بەرەو دوا دەگەڕێتەوە. لە سووچێکی ژوورەکەدا بەبی دەنگی هەڵدەکورمێت و فرمێسك هەڵدەڕێژی. لەم کردارەم تەواو پەشیمان دەبمەوە. لە دڵی خۆمەوە دەڵێم: لەم ژیانە کلۆڵەمان هیچ شتێکی نوی نیە. ئەم هەڵسوکەوتە شێتانەی تەنها هەوڵێکە و هیچی تر بۆ دڕ پێدانی دیلێتیی لەناو چوار دیواری ماڵدا.

## 3. خونچەکانی با

لەسەر چیچك لەسەر لمی کەنار رووبار هەڵکورماوم، دەڕوانمە ئەو باڵندانەی کە لە ئاسمانی بەریندا لە بەرزایی لەنگەر دەگرن. دەفڕن و روو لە هەموو لایەك دەکەن ن بەبی ئەوەی شتێك ڕێگایان پێ بگرێ.
نیگاکانم راوەدووی فڕینیان دەنێن کە لەسەر پردە بەرزەکان دەپەڕنەوە، بە ئاسماندا خاڵە جیاجیاکانی پشکنین و شەقامە قەدەغە کراوەکان و ڕێگا بەستراوەکان دەبڕن. باڵەکانیان لێك دەدەن و بەردەوام دوور دەکەونەوە تا لە ئاسۆی دوور وون دەبن. دەشی سنووری وولاتیش ببڕن، یا ئاسمانی وولاتی تر ببەزێنن بی پەساپۆرت، بی ئەوەی پیاوانی پۆلیس لەسەر سنوور راگیریان کات.
* * *
نیگاکانم دەخزێنمە ئاوی ناو رووبار، ماسییەکان لە ئاوی رووندا دەکەونە چنگی روانینم کەوا ڕێگاکان شەق دەکەن، هەڵدەکشێن و بەرەو راست و بەرەو باشوور وەردەگەڕێن. یا هەندی جار رووی خۆیان دەکەنە کونێك یا تاشەبەردێکی ژێر ئاو. جارێکی تر تێهەڵدەچنەوە و بە جووڵەی دڵنیایان بۆ هەر شوێنی بیانەوی یا شەپۆڵ ئاڕاستەیان بکات رادەبوورن. بەبی ترس و بی دوودڵی، چونکە نیشتمانیان نییە.

* * *
منێك کە هەر لە مندالیم تاکو ئێستاش لەم وولاتە دانەبڕاوم، بە درێژایی تەمەنیشم جگە لە چەند شارێکی کەم شوێنی ترم نەبینیوە، لەسەر لمی کەنار رووبار هەڵکورماوم، بەخیلی بە مەلەکانی ئاسمان دەبەم، بەخیلی بە ماسییەکانی رووبار دەبەم. لە سەرسامیم نغرۆ بووم و لە خۆم دەپرسم تۆ بڵێی: بەڕاستی مەحاڵ بوو مرۆڤ بە سەربەستی، بە رەهایی.. ژیانێکی وەك ژیانی باڵندە و ماسی هەبوایە.

* تێبینی: ئەم سی کورتە چیرۆکەم نموونەیەکن لەو کۆمەڵە کورتە چیرۆکەی کە لەژێر ناونیشانی (هدیر الرلوان) سالی 2006 بە چاپم گەیاندن. وە لەبەر ئەوەی بە کوردی بڵاو نەکراونەتەوە ئەوا بە باشم زانی کە بە کوردیش بڵاو بکرێنەوە. جێگای ئاماژەشە کە ئەم سی کورتە چیرۆکە لە سایتی (الرتحاد العام للردبا و و الکتاب فی العراق) لە ئینتەرنێت لە 2006/6/8 بە عەرەبی بڵاوکراونەتەوە.